





# کراوەیی رەنگەکان لەماکیاژی خەلیجی

زۆری مۆدەکانی ماکیاژی رووخسار و دەم و چاو، دەبێتە رێگەیەك بۆ ئەوەی خانمان بتوانن چەندین ماکیاژ هەڵبژێرن بۆ ئامادەکردنی ماکیاژێکی تایبەت بۆ دەموچاو، مۆدەکانی ماکیاژ هەر یەکە بە شێواز و جۆرێك دادەنرێت، هەر مۆدەیەك جیاوازی لەگەڵ مۆدەی دیکە هەیە، زیاتریش (٣) جۆرە ستایلی ماکیاژ هەن، یەکێکیان بە ماکیاژی رۆژئاوا ناسراوە، ئەوەی دیکەش ماکیاژی خەلیجی، ئەوەی سێیەمیش ماکیاژی رۆژهەڵاتییە.

ئەم چەند ماکیاژە ئامادەکراوەی دەیبینن بریتییە لە مۆدەی ماکیاژی خەلیجی، ئەوەی لەم مۆدەیە جوان بێت بریتییە لە دانانی رێژەیەکی زۆر لە بۆیە و رەنگەکانی ماکیاژ، بەمەش زیاتر کراوەیی و رەنگەکان بە جوانی دەردەکەون کاتێك خانمێك ئەو جۆرە ماکیاژە ئەنجام دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی جوانی هەیە، ئەویش بریتییە لە هاو رەنگی لە ماکیاژەکان، واتە لە زۆر مۆدەکان رەنگی چاو و لێو و روومەت لە یەك رەنگ دەبێت، تەنیا جیاوازی لە رێژەی رەنگەکان دەبێت.



# بچووکی و گەورەیی لێوەکانت رەنگەکان دیاری دەکەن

**ئا: سالۆن مریام**

گرنگی دان بە جوانکردن و پاراستنی لێوەکانت یەکێکە لەو هەنگاوانەی دەبێ خانمان ئاگاداری لایەنەکان بن، بۆ ئەوەی بتوانن بە جوانترین شێواز لێو جوانتر و ناسکتر، مۆدەی رەنگی بۆیەکانی بۆ لێو لە پێشوودا تەنیا رەنگە تۆخەکان بوو، کەچی بەم دواییە چەندەها رەنگی دیکەش پەیدابوو بە جۆرێك لەگەڵ گشت وەرز و مۆدەیەك دەگونجێت.

دەتوانین لە هەنگاوەکانی لێدانی رەنگ لە لێو، بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجامیان بدەین:

- کاتێك رەنگێکی تۆخ دادەنێن، دەبێ هەمان رەنگ بە نمرەیەکی تۆختر لێبدەین، دواتریش رەنگی ئاسایی هەڵبژێردراو. پاشان هێڵەکانی لێو دیاری بکە بە رەنگێکی نزیك لەو رەنگە.
- دواتر چاکترە هەندێك بۆدەری هێڵەکان لێبدەین بۆ ئەوەی هێڵەکە جێگیر بێت.
- لە هەنگاوێکی دیکەدا دووباری هێڵکاری و رەنگی لێوت دیاری بکە، ئەمجارەیان بە هێڵێکی کراوە و روون.
- رەنگە هێمنەکان یان رەنگە کراوەکان، بۆ لێو دەتوانێت لەگەڵ رەنگی پێست و رەنگی سروشتی لێو بگونجێت، ئەمەش لەگەڵ دەمی بچووك و لێوی تەنك مۆدەیەکی جوان دەبەخشێت.
- سەبارەت بە رەنگە تۆخەکان، لەگەڵ ئەو لێوانە دەگونجێت ئەوانەی گەورە و پرن، ئەمەش لە رێگەی نیشاندانی رەنگ و جوانییەکی بەهێز و پڕ لە رەنگە تۆخەکان.

# کراسە کراوەکان بۆ وەرزی هاوین



دەتوانین لە کراسە جوانەکان چەندین مۆدەی جوان و ناسك بەکاربهێنرێن، ئەمەش کاتێك مۆدەی کراسەکان بە ڕێگەیەکی جوان و رازاوە ئامادە و دەنەخشێنرێت. مۆدەکانی کراس لە هەر وەرزێك جیاوازی هەیە لەگەڵ جلی دیکە. زیاتریش بۆ وەرزی هاوین دەتوانین سوود لە کراسە کراوەکان، یان ئەو کراسانەی کراوەیی و تەسك نین بۆ ئەوەی شتێکی جوانی لێوە دەربچێت.

ئەو مۆدانەی ئەو کراسانەیان لەسەر ئامادە دەکرێت، بە شێوەی مۆدەی رۆژهەڵاتی ئامادە دەکرێت، ئەم مۆدیەش پێکهاتووە لە دانانی کراوەیی لە بەشی خوارەوەی کراسەکە، هەروەها تەسکی و شێوەی بۆدی لە سەرەوەی دابنرێت، ئەمەش راستەوخۆ جەستەی خانمان دەگرێت و لە خوارەوەش شل و کراوە دەبێت، بۆیە دیمەنێکی زۆر ناسك دەردەخات.

## بۆ پشت چاوەکانت

ماکیاژی چاوەکان دەتوانن جوانی رووخسار بگۆڕن و شێوازێکی دیکەی پێبدەن، ئەمەش لە رێگەی ئەو ماکیاژە جوانەی بۆ رەنگکردن و ماکیاژکردنی چاوەکان هەڵدەبژێردرێت.





چەندەها رەنگ دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ ماکیاژی چاوەکان، بەڵام زیاتر ئەو رەنگانەی بەکاردەهێنرێت وەك رەنگە کراوەکانن، لێرەدا چەندین رەنگ و ماکیاژی تایبەت ئامادەکراوە و دەتوانن سوودی لێوە وەربگرن.

ئەم رەنگانەش بۆ پشت چاوەکان دادەنرێن و دەکرێت بە ناسکترین شێوە دابنرێت بۆ ئەوەی پشت چاوەکان رازاوە بێت بە یەکێك لە رەنگە ناسکەکان. ئەو چەندین جۆرە ماکیاژەی ئامادەکراوە و لە رەنگەکان دەکرێت سوودیان لێوە وەربگیرێت.













## لە مەودوا پشیلە دەفڕێت

هەرگیـــز نەمانبینیـــوە پشـــیلە بفڕێـــت، بینیومانە لەســـەر شـــوێنێکی بەرز خۆی هەڵبدات یان جووڵەی خێـــرا بکات، بەڵام ســـەبارەت بە فڕین بێگومان ئەوە مەحاڵە! کەچی لەم ســـەردەمە هیچ شتێك مەحاڵ نییـــە و ئەمەش بەهـــۆی دەرکەوتنی ئەو گیاندارە سەیرانەی لە گشت جیهان سەریان لەم خەڵکە شێواندووە و کەسیش نازانێت بۆ بەم شێوەیە دەردەکەون.

ئەوەی دەیبینین یەکەم پشیلەیە خاوەن (باڵ) بێـــت، بوونی باڵ بۆ پشـــیلە یەکجاری بە جووڵەتـــر و هارتر دەبێت، کەچی شـــووکر ناتوانێت بە باڵەکانی بفڕێت، یان کاری پێوە بکات، تەنیا دەتوانێت جووڵەیان پێ بکات.

## حیزبی (سمێڵ و ردێـ

لە گەورەترین نمایش و کۆبوونەوەی گەورە بەرپرسان، ببوورن سمێڵ و ردێن درێژەکان لە سەرتاپای هەردوو کیشوەری ئەمریکا و ئەورووپا، وەك کۆمەڵەیەك بۆ پاڕێزگاری کردن لە سمێڵ و ردێن، کۆمەڵەیەکی بە ناو (ســـمێڵەکان) دامەزرا، ئەم کۆمەڵەیە کاری دەرخســـتنی ســـمێڵ و ردێنە بە درێژترین شێوە لە سەرتاپای جیهان.



## پێڵاوێک وەک چەکی ئافرەتان



دروســـت کردنی کەرەستە ســـەیرەکان دەتوانن چەندین سوود بە مرۆڤ بـــدەن، ئەمەش لە ڕێگەی ئـــەو بیرۆکە جوانانەی بۆ گشت کەســـێك بە ســـوودە. بەهۆی زۆری هێرش کردنە سەر ئافرەتان و کچان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەورووپا، جۆرە پێڵاوێکی سەیریان و ترسناکیان بۆ خانمان دروست کردووە، سەرتاپای ئەو پێڵاوە لە شتی تیژ داپۆشراوە، ئەمەش بۆ بەرگری کردن کاتێك کەســـێك هێرشیان بکاتە ســـەر، چ لە ڕێگەی بەکارهێنانی بە دەست یان هەر لە پێ!

## مشک و پێی مرۆڤ لە



دروســـت کردنی شـــتە ســـەیرەکان لە بەرهەمی بیرۆکەی ئەو کەســـانە دێت، کاتێك شێتانە بیر لە شتی جوان و سەیر دەکەنەوە، دەزانین پێڵاو دروست کراوە لە پێســـتی گیانداران، کەچی نەمازانیوە پێڵاو هەبێت لـــە گیاندارێکی تەواو بە گشـــت جەســـتەیەك و ئەندامەکانیش، تەنیا ئەو شـــوێنانەی خوێنـــی تێدایە لێوەی دەرهێنراوە.

## ـــن)یش دادەمەزرێت!

ئەوەی دەیبینن یەکەمین نمایشـــی تایبەتە وەك ڕێکلامێك بۆ دامەزراندنی ئـــەو کۆمەڵەیە بـــە مەرجێك دەبێ ئـــەوەی ببێتە ئەنـــدام تیایدا، خاوەن ســـمێڵ و ردێنێکـــی زۆر بێت یان پەیمان بدات لـــە داهاتوودا درێژی بکات. لە داهاتووشدا دەبن بە حزبێك بۆ خزمەتکردنی سمێڵ و ردێن!






## خۆت و ئۆتۆمبێلەکەت بە پاسێک گەشت بکەن

کاره ســەیرەکان بــەرەو بیرۆکــەی جوانتر و شایســتەتر ڕێگە دەگرن، ئەمەیە بیر و ڕای ئەفگانســتانییەکان، کاتێك بیر لە کارێکی ســەیر دەکەنەوە بەبێ ئــەوەی تەواو لێوەی تێبگــەن ئەنجامی دەدەن، ئــەوەی دەیبینن جێگەی شەرمەزارییە لەوەی چۆن مێشکیان بۆ کاری وا بەکاردەهێنن ! لەم وێنەیە دەبینن چۆن ئوتۆمبێلــی پاس کراوەتەوە ئوتۆمبێلی باهەڵگــری (شــەحن) بۆ گواســتنەوەی ئوتۆمبێلی بچووك.

ئەمەیە جێگەی سەرســوڕمانییە، بۆ ناکرێت ئوتۆمبێلەکان لێبخوڕن ! یان بە ئوتۆمبێلێکی دیکــە بیگوازنــەوە، وەکو دەبینــن جگە لە کەرەســتەکان دوو ئوتۆمبێل لەســەر پاسێك دانــراوە، کەســیش نازانێت بۆ ئــەو کارەیان ئەنجامداوە !



## ئەمە دەمە یان جەگی


ئەوەی ئەو وێنەیە بیبینێت وادەزانێت وێنەیەکە بۆ خۆشی و جوانی دانراوە، ڕەنگــە باوەڕیش نەکەن چۆن ئەو خانمە بچووکە بەم شــێوەیە وەســتاوە. ئەمەش وێنەی ڕاســتەقینەی ئەو کچەیە خاوەن بەهێزترین دەم وملە، بە جۆرێك دەتوانێت گرانایی گشت جەستەی لەسەر دەم و ملی بوەستێنێت. لە نمایشــێکی تایبەت خانمــە کچە (ســوهیۆ)ی فلیپینی دەتوانێت سەرســامی گشــت ئامادەبووان رابکێشــێت کاتێك بە دەمی و لەسەر تەڵێکی شیشــە بۆ ماوەی (٣) خولەك دەوەســتێت، لەسەر دەم نەوەك لەسەر قاچەکان!

## مۆدە تازەکانی پێڵاو

ئەوەی دەیبینن دوو جۆرە مۆدەی پێڵاوە لەلایەن کۆمپانیایەکی سویسری دروست کراوە، پێڵاوەکانیش بریتیین لە : پێڵاوێك لە شێوەی جورج و مشك، ئەوەی دیکەش لە شــێوەی پێ مــرۆڤ، ئەو پێڵاوەی لە شــێوەی مرۆڤە، ئەگــەر لە دوورەوە ســەیری بکەین، وەك پێ دەردەکەوێت، چونکە ئەوەندە بە جوانی نەخشــێنراوە و دروست کراوە.











## (گا) یاریزانێکی (سەر شێتی) کوشت!

یەکێك لە یارییە ترسناکەکان و ناشرینەکان کە لەگەڵ ئەخلاقییاتی مرۆیی ناگونجێت، یاری (گا سەر شێتەکانە)، ئەم یاریەش لە وڵاتانی ئیسپانیا و پورتوگال سەری هەڵداوە و تا ئێستاش نمایشی بۆ دەکرێت، ئەوەی دەیبینن یەکێکە لەو دیمەنە سەیرانەی لە کاتی یارییەك لە وڵاتی ئیسپانیا روویداوە، ئەنجامیش مردنی یاریزانەکە بوو نەوەك (گا)کە!

لەم نمایشە یاریزانی ئیسپانی (خوانیتۆ) بە هۆی قۆچانێکی بەهێز لە سگی چەقاند و بەمەش بووە قوربانی یاری گا سەر شێتەکان، گەرچی یاریزانەکە سەر شێتە نەك(گا)کە.



## جەستە کوتان بە (٢) دەفتەر


ئەو پیاوەی سەر شێتەی خولیای و دونیای تەنیا کوتانی لەشە، برە پارەیەکی زۆری سەرف کردووە بۆ ئەوەی نازناوێکی گەورەی پێوە وەربگرێت. ئەو پیاوەش ناوی (مایکل)ە و تەمەنی (٤٦) ساڵە، دانیشتووی ولایەتی کالیفۆرنیایە، بۆیە لە کاتێکدا داوای کرد سەرتاپای جەستەی بکوتن بە وەشمی جوان و بە نەخش.

دوای ئەوەی کارەکەی بۆ دەکرێت، بری (٢٠٠٠٠) هەزار دۆلاری بەم کارەی داوە بۆ ئەوەی جەستەی تەواو بکوترێت. گشت شوێنێکی جەستەی گوتراوە و تاوەکو سەر زمان و ژێر گوێچکەی کوتراوە بە نەخشی گوڵ، بەمەش دەبێتە یەکەم کەس بەم شێوەیە جەستەی کوترابێت.

## گەرماو بە ئاوی دەم!

یەکێك لە دیمەنە جوانەکانی وێنەکان، بریتییە لەو دیمەنە سەیر و جوانەی دەیبینن کە ئافرەتێك کاری سەر شووشتن بۆ منداڵەکەی ئەندام دەدات. لەم وێنەیە دەردەکەوێت لەلایەن ئەو ئافرەتە مانای ژووری گەرماو، یان گەرماو نییە و باوەشی خۆی کردۆتە ژووری گەرماو بۆ شووشتنی منداڵ.

ئەو وێنەیە لە وڵاتی (گانا) گیراوە و لەلایەن ئافرەتێکی یەکێك لە هۆزە هەژارەکان، ئەوەی سەیر بێت ئافرەتەکە بە دەمی ئاو بە منداڵەکە دەکات بۆ ئەوەی پاك ببێتەوە، ناشزانێت کاتێك ئاو بچێتە ناو دەم پیس دەبێ و تەندروستی نابێت.





## دیوارێک لە قووتوو

ئەوەی دەیبینن دیوارێکی جوانە و بە چەندین نەخشی ناسک رازاوەتەوە، کەچی ئەگەر بە وردی و لە نزیکەوە سەیری ئەو دیوارە بکەین، شتێکی سەیری لێوە دەبینرێت، ئەمەش چونکە دیوارەکە لە کەرپووچ و بلۆک نییە، تەنانەت لە شتێك دروست کراوە کەس بیرۆکەشی بۆ ناچێت.

لەلایەن گەنجێك لە وڵاتی کەنەدا، لە ماوەی (٤) ساڵی کۆکردنەوەی قووتووی خواردنەوە کهولی و گازییەکان، دیوارێکی بە نەخش لەم قووتووانە دروست بکات. ئەوەی سەیر بێت تەنیا بە رەنگی قووتووەکان توانیویەتی وێنەکان دیاری بکات و بە جوانی نەخشی دیوارەکە بکات .

## گوڵە گەورەکەی جیهان

رەنگە باوەڕمان نەبێت ئەمە وێنەی گوڵێك بێت ! چونکە هەردەم بینیومانە گوڵ بچووکە، وێنە و بۆنێکی جوان و خۆشی هەیە، کەچی ئەگەر بە جوانی سەیری وێنەکە بکەین دەزانین ئەو گوڵە راستەقینەیە و لە هەر گوڵێك جیاوازی هەیە و، بۆنی دە ئەوەندەی بۆنی گوڵێکی ئاسایی زیاترە، لەگەڵ ئەوەشدا قەبارەی ئەوەندەی ١٠٠ گوڵ دەبێت.

ئەم گوڵە لە وڵاتی ئوستراڵیا لە نمایشێکی تایبەت لە کێڵگەیەکی نمایشی رووەکە سەیرەکان دانراوە، بەمەش جێگەی سەرسوڕمانی گشت کەسێکە کاتێك سەیری دەکات. درێژی گوڵەکە دەگاتە (٦) مەتر و نیو، تا ئێستاش تاکە گوڵە بەم شێوە گەورەیە دۆزرابێتەوە.





## نمایشی رووخسار رازاندنەوە!

یەکێك لە نەریتە سەیرەکانی چەندین وڵات و هۆز لە جیهان، بوونی رۆژێکە بۆ نمایشی تایبەت و رازانەوە و ئازاردان و بەهرەی جەستە تەرخان دەکەن و یان لە پێشوودا وەك جەژنێك دیاریان کردووە.

لەلای ئوسکۆتلەندییەکان رۆژێکی تایبەت و سەیر هەیە، ئەویش بریتییە لە نەخش و دانانی شتی سەیر لەسەر رووخسار و جەستەی مرۆڤەکان.

ئەوەی دەیبینن وێنەیەکە لەو رۆژە و ساڵانە لە نمایشێکی سەرتاسەری ئەو وڵاتە، هەرچی خەڵکی ئەو وڵاتەیە جەستە و رووخساری دەڕازێنێتەوە بە کەرەستە و شتی تیژ، بەبێ ئەوەی ئازارێکی پێوە بچێژن، چونکە لە منداڵییەوە خولیای ئەو کارە بوونە !



## قەرەباڵغترین شەقام !

ئێمە دەبێ دڵمان خۆش بێت کاتێك شەقامەکانمان ئەوەندە قەرەباڵغ نین لە زۆری ئوتۆمبێل، چونکە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەهۆی زۆری ئوتۆمبێل مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی لە شۆستەکە بپەڕێتەوە بۆ ئەوبەر ئەمەش بەهۆی خێرایی ئەو ئوتۆمبێلانە. ئەگەر سەیرێکی ئەو شەقامە بکەین، سەرسوڕمانی دەمانگرێت و پێوەی سەرەنجراکێش دەبێ، چونکە لە شەقامێکی لەم شێوەیە نزیکەی (١٠٠٠) ئوتۆمبێل دەڕوات. ئەمەش یەکێکە لە شەقامەکانی وڵاتی ئەمەریکا لە بەرە بەیانییەکی زوودا، سەیرەکە لەوەدایە هەموو ئۆتۆمبێلەکان لەسەر هێلی تایبەت بەخۆیان دەڕۆن بێ ئەوەی وەك لای خۆمان لە ٦٠ مەتری هەولێر فڕکان فڕکانی ئۆتۆمبێل بێت.

## هاوڕێییەتی بە باڵا نییە!

شێوەی مرۆڤ جیاوازی هەی لە هەر یەکێك بۆ کەسێکی دیکە، کەچی ئەگەر سەیرێکی ئەو دوو کەسە بکەین بە جوانترین و شایستەترین دوو هاوڕێیان دادەنێن، ئەم دوو کەسەش هەر لە سەرەتای تەمەنی منداڵی لەگەڵ یەکترن، کەچی لە کاتی گەورە بوون جیاوازییەکی گەورە نێوانیان دروست بوو.


ئەویش بریتییە لە جیاوازی باڵایان، تەنانەت تەمەنی هەردووکیان لە یەکتر نزیکە و، بەڵام بەم شێوەیە دەرکەوتوون.



## بۆ ئاسوودەیت

☺ - لە پیاوێکیان پرسی: ئەگەر هەموو ماڵ و شوێنی جیهان هی تۆ بێت چی دەکەی و چی لەو سامانە گەورەیە دەکەی ؟!
ئەویش لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە و گوتی : ئەگەر هەموو ماڵی جیهان هی من بێت، دەیانفرۆشم و دەچمە خاریج !

☺ - پیاوێکی گێل پێڵاوەکەی دڕا بوو، چووە بازاڕ بۆ کڕینی پێڵاوێك، لە دووکانێکی پێڵاو فرۆشتن بە خاوەن دووکانەکە دەڵێت : پێڵاوتان هەیە ڕەقەمی جوان بێت !



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە ناوەڕاستی ئەم هەفتەیەدا هەواڵێکی خۆشت پێ دەگات، هەندێك پارە بەدەست دێنی کە ماوەیەکە چاوەڕێی دەکەی بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەیەکی گرنگ. کێشەکانت بەرەو چارەسەربوون دەچن و لەوانەیە خەونەکەت بێتەدی لە بواری سۆزداریدا.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بەرەو ئاراستەیەکی باش هەنگاو دەنێی بەڵام هەموو کاتێك ئاگاداری ئەوەبە کە کەسانێك هەن دەیانەوێت دژایەتیت بکەن. هاوڕێیەکت سەردانت دەکات کە ماوەیەکە نەتبینیوە و دڵت بە بینینی خۆشدەبێت، ژیانی سۆزداریت گۆرانکاری بەخۆیەوە دەبینێت.




### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

پێویستە پشت بە خۆت ببەستیت بۆ گەیشتن بەو ئاواتەی کە لای تۆ زۆر گرنگە نەك یارمەتی کەسانی تر، ئەگەر لەخۆشەویستەکەت تۆراوی دڵگران مەبە ڕۆژانێکی خۆشی پڕ لەخۆشەویستی چاوەڕوانت دەکات. لەوانەیە لە بواری داراییدا هەندێ کێشەی بچووك بێتە ڕێگات.




### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بە خێرایی دەبیتە جێگای سەرنجی خەڵك بەهۆی جوانیەکەتەوە، قسەی خەڵك کاریگەری لەسەرت هەیە و زوو باوەڕ بە قسەکانیان دەکەیت، واباشترە پێش ئەنجامدانی هەر کارێك بیر لە ئایندە بکەیتەوە و وابکە قسەی خەڵك ئەوەندە کاریگەری نەبێت لەسەرت.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢


حەز دەکەی پەیوەندیەکی نوێی سۆزداری دروست بێت لەنێوان خۆت و ئەو کەسەی لەدڵتایە بەڵام ئەمە پێویستی بە دەستپێشخەری هەیە، هەوڵ بدە بە ڕێگای جیاواز هەستی خۆت بۆ بەرامبەرەکەت دەرببڕیت بۆ ئەوەی ئاواتەکەت بێتەدی.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەندێ جار کارەکانت لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجام نادەیت ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە کارەکەت شتووشی شکست بیت. هاورێکەت ئێستا لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستی پێت هەیە، قسەی لەگەڵ بکە و یارمەتی بدە بۆ ئەوەی کێشەکەی چارەسەر بێت.

ئا/ هێمن قەسرەیی



## ئاسۆیی:

١- گۆرانی بێژێکی کورده خاوەن وێنەکە.
٢- راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق(پ)- دراوێکە.
٣- کوری نوح پێغەمبەر- پێشبرکی ئۆتۆمبێل(پ).
٤- مێرگ(ت)- چەکێکی کۆنە- و کۆپەک
٥- سەرۆکی کۆریای باکور تازە کۆ کردووە.
٦- ماد(ت)- نۆرە- پایەتەختی وڵاتێکی ئەوروپایە
٧- تۆبە E.
٨- نیوەی نیاز- نیو(ت).
٩- مانزایەکە(پ) بەروبوومێکی نەوتە(پ).
١٠- پایەتەختی وڵاتێکی عەرەبییە(پ) سێ پیتی بڕیار- نیوەی دنیا.
١١- تۆخمێکی کیمیاویە- نازەنینی(ت)ز
١٢- شمشال ژەنێکی تازە کۆچ کردووە- دوو پیتی ئایین.

## ستوونی:

١- هونەرمەندێکی میسری یە.
٢- چیایەکی کوردستانە(پ)- وڵاتێکی ئەفریقیە.
٣- کچە گۆرانی بێژێکی فارسی یە، قسەی کرد.
٤- دوو پیتی بوم- دەم و چاو- دوو پیتی نیل.
٥- کانزایەکە
٦- جۆرە جگەرەیەکی جیهانییە(پ).
٧- نیوەی هەند- خەندە.
٨- نیوەی بەفر- پیتێکی مۆسیقایە- ڕێگا(پ).
٩- گۆڤارێکی منداڵانە- شارێکی کوردستانە.
١٠- سێ پیتی لانە- بۆنەیەکی کوردانە.
١١- ئامێرێکی مۆسیقایە- کچە گۆرانی بێژێکە.
١٢- سەرۆك وەزیرانی ئەڵمانیا(پ).

***ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی***

## بۆ زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێک بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**


- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پایەتەختی وڵاتێکی ئەوروپیە – یانەیەکە)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی خشۆکە دەتوانێت بە بە مرۆڤ وەبدات)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٦+٧) کۆبکەیتەوە بە مانای (جلێکە لە ژێرەوە دەپۆشرێت)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ڕەنگێکی تۆخە – کاتێك مرۆڤ شتێکی بە جەستە دەکەوێت چی ڕەنگ دەبێت)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (پەرلەمان) بوو



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

یادگاریەکانی سەردەمی منداڵیت دێنەوە یاد بەهۆی بینینی چەند هاورێیەکت و حەزدەکەی بگەرێیتەوە بۆ ڕابردوو. هێشتا دڵت بۆ خۆشەویستەکەت لێدەدات و ناتوانی لەبیری بکەی بۆیە لاپەرەیەکی نوێ هەڵبدەوە و ڕابردوو لەیاد بکە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەم هەفتەیە چەند گۆڕانکاریەکی نوێ لەگەڵ خۆی دێنێت و کاریگەریەکی زۆری دەبێت لەسەر ژیانت. هەندێ جار بە خێرایی تووڕە دەبیت ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی درووستبوونی کێشە. دەبیتە جێگای سەرنجراکێشانی دەوروبەرت بە هۆی ئەنجامدانی کارێکی گرنگ.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەوانەیە جارێکی تر دەرگای بەختت بە ڕوودا بکرێتەوە لە بواری سۆزداریدا و پەیوەندیەکی تر بێتە کایەوە دوای کۆتایی هاتنی پەیوەندی پێشوو، ئەوەش بزانە هێشتا کەسی بەرامبەر تۆی لەدڵدا ماوە و خۆشی دەوێی.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەستی گۆڕانکاریت لا درووست دەبێت لە ڕووی دیکۆڕ و بایەخدان بە گوڵ و جوانکاری و هەندێ کاری تر.زۆر خۆت ماندوو مەکە و کارەکانت دوامەخە لەبەرئەوەی لەبەرژەوەندی تۆ دا نییە، وا باشە زیاتر بەشداری بۆنە کۆمەڵایەتیەکان بکەی.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەفتەیەکی گونجاوە بۆ کارکردن و دەبێتە هۆی ئەوەی سوودمەند بیت و قازانج بکەی. یارمەتیەکت بە دەست دەگات لەلایەن کەسێکەوە کە چاوەڕوانت نەدەکرد ڕووبدات، پێویستە هەندێ جار وەرزش بکەیت بۆ ئەوەی جەستەت چالاکتر بێت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

خۆشەویستەکەت بە کەسی تر مەگۆڕەوە، ئەو تەنیا تۆی خۆشدەوێت و بیر لەکەسی تر ناکاتەوە دەبێت ئەوەت لەبەرچاو بێت. وامەکە کێشەیەکی بچووك کۆتایی بە چیرۆکی خۆشەویستی نێوانتان بێنێت، ئێستا هەست بە دڵخۆشی دەکەی بۆیە کارێك مەکە لەداهاتوودا ببێتە هۆی ئەوەی خەمانك بیت.

hemntoni@yahoo.com